هاوڕێکاری سەرۆک وەزیران سەردانی بریندارەکانی ئاگرکەی حەمدانییەی کرد



سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران، مەحەممەد شیاع سودانی هاوڕێکاری خۆی بۆ کار و باری تەندروستی هاسپارد سەردانی بریندارەکانی ئاگرکەی حەمدانییە بکات لە نەخۆشخانەکانی تورکیا.

مەحەممەد سودانی، ساڵح سەمەد هاوڕێکاری بۆ کاروباری تەندروستی نارده تورکیا بۆ سەردانی کردنی بریندارەکانی هوودداوی ئاگرکەوتنەوەی قەزای حەمدانییە کە ئێستا لە نەخۆشخانەکانی تورکیا چارەسەر وەردەگرن.

هاوڕێکاری سەرۆک وەزیران جەختی کردەوە لەوەی کە حکومەت بەردەوامە لە گواستنەوەی ئەو بریندارانەی باری تەندروستییان نا جێگیرە بۆ دەرەوەی عێراق، ئاماژەی بۆ کرد کە ئێم هەکارانەی حکومەت دەکەونە چوارچێوەی ئێرک و بەرپرسیارێتییەکانی بەرامبەر هاوڵاتیان.

جێی ئاماژەیە، ئەمڕۆ هەینی گروپی چوارەم کە (3) لە بریندارەکانی هوودداوەکەی حەمدانییەی لەخۆ گرتبوو لەگەڵ هاوەکانیان و تیمەکی پزیشکی تایبەتمەند گواستراونەتەوە، بەمەش ژمارەی ئەو

بریندارانی کە گواستراونەتەوە دەرەوەی عیراق گەیشتە 23 هاوڵاتی، لەسەر بنەمای ڕاپۆرتە پزیشکییەکان کە سەلماندوویەتی باری تەندروستییان ڕێیویستی بە چارەسەرە لە دەرەوەی عیراق.